دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر
س.پ: ١
***
ناوی کتێب: جوانێکی نوستوو
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٠٨
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
وێنەکان: یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٥١٢)ی
ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

پرۆژەی پەپوولە بۆ منداڵانی کورد ١٢

# جوانێکی نوستوو

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ


# جوانێکی نوستوو

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:
یوسف عەبدولقادر ڕەسووڵ

# جوانێکی نوستوو

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، دەگێڕنەوە و دەڵێن لە سەردەمێکدا پاشا و پاشاژنێک هەبوون و منداڵیان نەدەبوو. ساڵان هاتن و ساڵان چوون، خوای مەزن و دلۆڤان کچێکی جوان و نەشمیلانەی پێ بەخشین. بەم بۆنەیەوە پاشا و پاشاژن ئاهەنگێکی زۆر گەورەیان ساز دا و، خەڵکانێکی زۆریان بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشتن کرد. لەناو ئەو خەڵکەشدا حەوت پەری ئامادە بووبوون و، هەریەک لەو پەرییانە دیارییەکی بۆ کچە شازادە هێنابوو، دیارییەکانیش بەم جۆرە بوون:

* دیاریی پەرییە بچووکەکە: ئەوە بوو کە هیوادار بوو کچە شازادە ببێت بەجوانترین کچی سەر ڕووی زەمین.

* پەریی دووەم: داوای دەکرد کچە شازادە هەموو شتێ بزانێ و، هەستی پێ بکات.

* پەریی سێیەم: داوای کردبوو کچە شازادە سیما و

بەژن و باڵایەکی ڕێک و جوان و بلوورینی هەبێت و، هەرچی ئارەزوو بکات دەمودەست بۆی ئامادە بێت.

* پەریی چوارەم: خواستبووی جوانترین و چاکترین هەڵپەرکێ بزانێت.

* پەریی پێنجەم: ئارەزووی دەکرد کچە شازادە خۆشترین دەنگی هەبێت.

* پەریی شەشەم: داوای کردبوو لە هەموو ئامێرێکی موزیک شارەزا بێت و بزانێت.

* پەریی حەفتەم: کە لە پەرییەکانی تر بەتەمەنتر بوو، بەپێچەوانەی دەستە خوشکەکانی خواست و ئارەزووی ئەوەبوو کە کچە شازادە کاتێ تەمەنی دەبێتە شازدە ساڵ بەهۆی دەرزیی ژاراوی کە بەسەر ئامێری خوری ڕستنەوە بوو، بەر پەنجەی بکەوێت و یەکسەر گیانی دەربچێ و بمرێ و، خەڵکی وڵاتیش هەمووی بەدوایەوە بگرین.

منداڵە ئازیزەکان، دەزانن پەریی حەفتەم بۆ ئەمە خواست و ئارەزووی بوو؟





لەبەرئەوەی پاشـــا و پاشـــاژن لەبیـــریان چووبوو بانگهێشتنی ئاهەنگەکەی بکەن، ئیتر ئەویش دەیویست زۆر بەدڵڕەقی و بێ بەزەییـیانە تۆڵەیان لێ بکاتەوە. بۆیە دوای ئەوەی لێبوردنیان لێ خـواست، بەڵام ئەو هەر دڵڕەقـانە لە هۆڵی ئاهەنگەکەدا بڕیاری دا کە شـتێکی زۆر خـراپیان دەرهەق بکات، بۆیەش ئەم ئاواتەی خواست.

ئیتر کە پاشا و پاشـاژن ئەم هیوایەی پەریی حەوتەمیان بیست زۆر خەمبار بوون.

پەرییە بچکۆلەکە بەڕەفتاری پەرییە پیرەکە زۆر خەمبار و دڵگیر بوو، ویستی دڵی پاشا و پاشـاژن بداتەوە، ئەوە بوو هەر زوو پێی وتن:

«بەڕێزینە حەز دەکەم ئەوە بزانن کە کچە جـوانەکەتان نامرێ، ئەگەرچی من هێز و توانای ئەو پیرە پەرییەم نییە تا ئەوەی کردوویەتی بەتاڵی بکەموە، بەڵام دەبێ شـوکر بن کە هیچ چارەیەک نییـە و، کچە شـازادە هەر کە تەمەنی دەبێتە شازدە ساڵ، پەنجەی خۆی لە دەرزیی تەشییەکە





دەدا. ئەوەی من بتــوانم بیکەم ئەوەیە لەبری ئەوەی بمرێ، کچە جوانەکەتان بۆ ماوەی سەد ساڵی ڕەبەق بخەوێ، تا ئەو ڕۆژەی کوڕە پاشایەک دێت بەخەبەری دێنێ.

منداڵە ژیر و خۆشەویستەکان!

پاشا و پاشاژن هەر لەو ڕۆژەوە ویستیان کچەکەیان لەو بەڵایە ڕزگــار بکەن، بۆیە پاشـــا فــەرمــانی دا هەرچی تەشــووێکی سـەر بەدەرزی لە وڵاتەکـەیاندا هەیە هەمـووی کۆبکەنەوە و بۆی بهێنن.

ئیــتـر پاســەوانانی پاشــا کــەوتنە گــەڕان و هەرچی تەشــووێکی لەو وڵاتەدا هەبوو کۆیان کردەوە، لە بەدبەختیی کچە شازادەش تەنیا تەشووێک نەدۆزرایەوە.

پازدە ســاڵ دوای ئەوە کــچــە شــازادە باڵای کــرد و گــەورەبوو، بوو بەجــوانتــرین کــچی ســەر ڕووی زەمین. مـاوەیەکی زۆری بەسـەردا ڕۆیشــتــبوو و، خــەڵک ئەوەیان لەبیـرکـردبوو کـە پیـرە پەرییـەکـە بۆ چارەنووسی کـچـە شـازادەی خـواستـبوو، لە شـازدەمین ساڵی لە دایکبـوونی





شازادەدا، کچە جوانکیلەکە لەگەڵ بێچووە سەگەکەی یاری دەکرد، لەپڕ بێچووە سەگەکە ڕای کردە نێو منارەی قەڵاکەیان، کچە شازادەیش هەر بەدوایەوە بوو، لەناکاو پیرەژنێکی بینی کە نزیک بووەوە، سەرنجی دا ئامێرێکی سەیری پێیە و کاری پێ دەکات، کچە شازادە یەکەمین جاری بوو ئەو ئامێرە ببینێ، زۆری بەلاوە سەیر و سەرنج ڕاکێش بوو، زیاتر لێی نزیک کەوتەوە و گوتی: داپیرە ئەوە چی دەکەی؟

ئەویش لە وەڵامدا گوتی: کچە جوان ئەوە خوری دەڕێسم، ئازیزەکەم حەز دەکەی فێری بیت و خۆت تاقی بکەیتەوە؟

کچە شازادە بەبێ دوودڵی، گوتی:

«بەڵێ... بەڵێ داپیرە منیش حەز دەکەم فێری ئەم کارەی تۆ ببم، لەوە دەچێ شتێکی خراپ نەبێت».

ئیتر تەشییەکەی لە پیرەژنەکە وەرگرت و بۆ خوری ڕستن لە تەکیەوە دانیشت. هێندەی پێ نەچوو پەنجەیەکی دەستی





بەر سەری دەرزییەکە کەوت و، یەکسەر کەوتە سەر زەوی و لە هۆش چوو.

منداڵە ئازیزەکان: دەزانن پیرێژنەکە کێ بوو؟

ئەو پیرێژنە ئەو پیرە پەرییە بوو کە داوای کردبوو کچە شازادە بمرێ، بۆ ئەوەی ئاواتەکەی خۆی بێنێتە دی، خۆی بەو شێوەیە گۆڕیبوو.

ئینجا کە پاشا کچە شازادەی بەم شێوەیە بینی، زۆر خەمبار و خەمگین بوو، ئۆقرەی لێ بڕا، تا پەرییە بچکۆلەکە هات و پێی گوت:

«پاشای بەڕێز، دڵنیابە شازادە نەمردووە، من شتێکی وام کردووە بۆ ماوەی سەد ساڵ بەنووستوویی بمێنێتەوە، هەروەها شتێکی واش دەکەم ئێوەش هەر هەمووتان خەوتان لێ بکەوێ تا ئەو کاتەی کچە شازادە وەخەبەر دێتەوە، بۆ ئەوەی هەست بەتەنیایی نەکات».

ئیتر پەرییە بچکۆلەکە جادوویێکی کرد و، هەر هەموو ئەوانەی لە کۆشک و قەڵادا بوون خەوتن و، تەواوی ژیان لە





کۆشک و قەڵایەکەدا وەستا. پاش چەندین ساڵ، لەبەرئەوەی کۆشک و قەڵا ژیان و بزاڤی تێدا نەمابوو، زۆر بێ سەروبەر ببوو، دار و بارێکی زۆر و تەنانەت ئەژدیهاشی لێ پەیدا ببوو.

ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕە پاشایەک بەڕێبواری بەوێدا تێدەپەڕێ و، لە پیاوێکی پیری ئەو دەوروبەرە دەپرسێ کە ئایا ئەم لەبارەی کۆشک و قەڵایەکە چی دەزانێ؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:

«پەنجا ساڵ پێش ئەمڕۆ باوکم بۆی گێڕامەوە کە ئەویش لە باپیری خۆی بیستووە، گوایە لەنێو ئەم کۆشک و قەڵایەدا شازادەیەک خەوتووە».

کوڕە پاشا، گەنجێک بوو تازە پێ دەگەیشت، کە چیرۆکەکەی بیست، بڕیاری دا ڕووەو قەڵا و کۆشکەکە بچێت، بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو کۆشک و قەڵا بێ خزمەت مابوونەوە ڕێگەی هاتووچۆی ببووە جەنگەڵێک. بەهەرحاڵ کوڕە پاشا ئەو ڕێگە سەخت و دژوارەی گرتە بەر





و بۆ ناو قەڵاکە هەڵکشا، هەر بەدەم ڕێگەوە بەشمشێرەکەی خۆی لقە دارەکانی سەر ڕێگەی دەبڕی و دارەکانی پاک دەکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە نێو قەڵاکەوە.

منداڵە ژیر و خۆشەویستەکان:

ئەوەی زۆر سەیر بوو، کوڕە پاشا هەرچەند لقە دارەکانی دەبڕی و لەتوپەتی دەکردن، کەچی دارەکە وەکو جارانی لێ دەهاتەوە، بگرە بەهێز و گەورەتریش دەبوو و دەڕوایەوە. ئەویش هەر بەدەم ڕێگەوە ناوە ناوە ورتەیەکی دەکرد و دەیگوت:

«بەڕاستی شتێکی سەیرە، من تاوەکو ئێستە شتی لەم جۆرەم نەدیوە».

کوڕە پاشا لە ڕۆیشتنەکەیدا بەردەوام بوو، دارەکانیش تا دەهات سەخت و دژوارتر دەبوون. تەنانەت بۆی نەدەکرا بەشمشێرەکەی دەستی دایان پاچێ.

لەپڕ پەرییە بچکۆلەکە پەیدا بوو، شمشێرێکی گەورەی دەم تیژی دایە کوڕەکە کە خاچێکی درەوشاوە بەسەر





دەسکەکەیەوە بوو، ئیتر کوڕە پاشا بەهۆی ئەو شمشێرەوە توانی بەچاکی ڕێگەی خـــۆی بکاتەوە و، بۆ ناو قـــەڵا و کۆشکەکە هەڵکشێ. بەڵام ئەمجارەیان هەر هێندەی زانی ئەژدیهـــــایەکی گــــەورە و زەبەلـلاحی لێ بەدەرکــــــەوت، ئەژدیهایەکە ئاگری لە دەم دەهاتە دەر و، بەگوڕ هێرش و پەلاماری بۆ کوڕە پاشا دەبرد.

منداڵانی ئازیز، دەرانن کوڕە پاشا چی کرد؟!


کوڕە پاشا دوای ئەوەی ئەژدیهایەکە هەراسانی کرد، ئیتر ناچار شمشێرەکەی خۆی بەرزکردەوە بەرەو تیشکی خۆر، تیـشکە بەهێـزەکـەی خـۆریش لە خـاچەکـەی دەسکی شـمـشـێـرەکـەی دا و، بەپێـچـەوانەوە هـەڵگەڕایەوە و، ڕووناکییەکە کەوتە سەرچاوانی ئەژدیها و، هەردوو چاوی کوێر بوون. ئینجا شـمـشـێـرەکـەی هەڵدا و لە گـەردنی ئەژدیهاکە گیربوو و، کەوتە سەر زەوی و، یەکسەر گەڕایەوە سەر شێوەی پیرە پەرییەکە. ئەو بەدفەڕە شەڕانگێزە مرد





و، وردە وردە سێبەرە شووم و بەدەکەی ڕەویەوە و نەما. ئەو سـێـبـەرەی سـەرتاسـەری کـۆشـک و قـەڵاکـەی داگـرتبـوو، رەویەوە. ئیتر جارێکی تر تیشکی خۆر گەڕایەوە نێو قەڵاکە و، گـوڵ و گـوڵزار و دار و درەخت چرۆیان کـرد و گــەش بوونەوە. گۆم و کانیاوەکان پڕ لە ئاوی سازگار بوونەوە و، چۆلەکەکان کە سەد ساڵ بوو لە خۆشی و جوانی قەڵاکە بێ بەش بووبوون، کـەوتنەوە جـریوە و خـوێندن. ئینجـا وردە وردە کوڕە پاشا بۆ نێو قەڵایەکە ڕۆیشت، هەموو کونج و کەلەبەرێکی قەڵا و کۆشکەکەی سەیر کرد، سەرنجی دا هەر هەموو ئەوانەی لەناویدا بوون نووستوون، زیاتر ڕۆیشت تا گـەیشتـە ژووری کـچـە شـازادە. کـە چاوی پێی کـەوت زۆر بەسـەر سـوڕمـانەوە لە جـوانی و شـۆخی و ڕووخسـاری شازادەی ڕوانی، بەڕاستی کچێکی تا بڵێی ناسک و نازدار و جوان بوو.





هەر لەو دەمەدا پەرییە بچکۆلەکە بەدەرکەوت و، زۆر سوپاسی کوڕە پاشاکەی کرد و، پێی وت:
«میر، سالانی ساڵە ئێمە چاوەڕوانی تۆ بووین، ئێستەش دەبێ هەر خۆت کچە شازادەی خۆت لەو خەوە سەد ساڵییە بەخەبەر بێنی».
کە پەرییە بچکۆلەکە لەم قسانەی بووەوە، کوڕە پاشا دەستبەجێ هەردوو دەستی کچە شازادەی ڕاگوشی و، چاوەکانی ماچ کرد. کچە شازادەیش زۆر بەئەسپایی چاوە جوانەکانی هەڵهێنان و، لە خەو هەستا. ئیتر هەر لەو کاتەدا تەلیسمی جادووەکە شکا و، هەموو خەڵکی ناو کۆشک و قەلاکە خەبەریان بووەوە، پاشاش بەم بۆنە مەزنەوە داوەتێکی خواردنی زۆر گەورە و شایانی بۆ کوڕی پاشا سازکرد و، زۆر سوپاسی کرد و پێی گوت:
«کوڕە ئازیزەکەم لێرە بەدوا تۆ دەتوانی هەر کاتێک ئارەزوو بکەی، سەردانمان بکەیت، ئێستە تۆ کوڕێکی خۆشەویستی ئێمەی».





کوڕە پاشا لە وەڵامدا گوتی: «زۆر سوپاست دەکەم پاشای گەورەم، بەڵام ئەگەر لێم ببوورن حەز دەکەم گەورەم بکەن و، کچەکەی خۆانتم پێ بدەن».

پاشا لە بەرامبەر ئەو کارە چاکەی میر لەگەڵ ئەوانی کردبوو، بێ سێ و دوو داواکەی پەسند کرد و، ڕازی بوو. ئیتر ئاهەنگی مارەکردنی میر و شازادە جوان و خنجیلە بووە مایەی خۆشحاڵیی هەموو خەڵکی وڵاتەکە و، ئەمجارەش هەر حەوت پەرییەکە دووبارە لە زەماوەندی شازادە و میر ئامادە بوون. بەڵام دیاری و داوای هەر هەموویان ئەمجارە خواستنی خۆشی و بەختەوەری بوو، هەروەها خوای مەزن بەزووترین کات منداڵێکی جوان و خنجیلانەیان پێ ببەخشێت.

هەر لەو ڕۆژەوەش بوون بەخێزانێکی ئاسوودە و بەختەوەر و، ژیانێکی پڕ لە شادی و بەختەوەریان بەسەر دەبرد.

منداڵە ئازیزەکان، منیش هاتمەوە کلاشم دڕا و، هیچم پێ نەبڕا.





**چاپکراوی ئاراس بۆ منداڵانی کوردستان:**

پەروین و دوو سمۆرەی بەدفەڕ
ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر

کۆمەڵە مشکێک
ئامادەکردنی: یوسف عەبدولقادر

کەڵەشێر و ڕێوییە پیرەکە
وەرگێڕانی: عەزیز هەریری

گرنگترین قەڵەم
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب

نێرییەکی قۆچ درێژ
نووسینی: حاجی مەمۆ

چیرۆکی ئەستێرەکان
وەرگێڕانی: ناز فەلەکەدین کاکەیی

میر ئیڤان و گورگە بۆر
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب